# وا مەزانە دیکتاتۆڕەکان کۆتاییان هاتووە*

## بە کەم گرتنی خۆڕاگریی دیکتاتۆڕییەکانی ئەمڕۆ

لوکەن ئەحمەد وەی

و: کەماڵ حەسەنپوور

دوو هەزار و بیست و دوو ساڵێکی باش بۆ ڕێژیمە دیکتاتۆرییە سەرەکییەکانی دنیا نەبوو. لە نۆڤەمبەر، سەرکۆماری چین، شی جینپینگ، بەرەورووی مەزنترین خۆپیشاندانەکان پاش سەرهەڵدانی گۆرەپانی تیانانمەن لە ١٩٨٩ بۆوە. خۆپیشاندەرانی ورووژاو بە هۆی سیاسەتی "هیچ کۆڤید"ی بەیژینگ، لە سەرانسەری وڵات، داواکاریی ئاشکرای سیاسییان بەرز کردنەوە، داوای دەستلەکار کێشانەوەی شی و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی تاکە کەسییان کرد. ئەو نارەزایەتییانە کاتێک سەریان هەڵدا کە ئابووریی چین نزمترین ئاستی گەشەی لە ١٩٧٦ بەولاوەی ئەزموون دەکرد. دەوڵەت بە دەستتهەڵگرتنی لەناکاو لە پرۆگرامی هیچ-کۆڤید، سیاسەتی برەو پێدراو لە لایەن شی و ئیزندان بە تەشەنە کردنی خێرای ڤایرۆسەکە لەناو جەماوەردا، وڵامی نارەزایەتییەکانی دایەوە. ورەسووڕانەکە و مردنی نزیکەی یەک میلیۆن کەس کە بەدوایدا قەوما، هێندەی دیکەش متمانەی خەڵکی بە ڕێژیم بنکۆڵ کرد. ئێران بەرەورووی ئالنگاریی مەزنتریش بۆوە. لە سێپتەمبەر، مردنی ژنێکی لاو بە نێوی مەهسا ئەمینی لە کاتی دەستبەسەرکرانی لە لایەن پۆلیسەوە، بە هۆی دانەپۆشینی خۆی بە شێوەی شیاو، بووە هۆی چەند مانگ نارەزایەتیی سەرانسەری کە دڵی ناسنامەی شۆرشگێرانەی ڕێژیمی بە ئامانج گرتبوو. هەزاران خۆپیشاندەر لە زیاتر لە ١٠٠ شار داوای مردنی ڕێبەری پیری وڵات، عەلی خامنەیی و کۆتاییهاتنی خودی کۆماری ئیسلامییان کرد. لە کۆتاییی ساڵدا، چالاکانی دژبەر مانگرتنێکی گشتیی سێ ڕۆژەیان ڕێکخست کە تەقریبەن وڵاتی داخست، چالاکییەک کە بیرهێنەرەوەی چالاکییەکانی پێش رووخانی دەسەڵاتی شا لە ١٩٧٩ بوو. ئەگەرچی خۆپیشاندانەکان لەو کاتەوە دامرکاونەوە، بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاو لە ژنانی ئێرانی هێشتا خۆ

لە ڕەچاوکردنی حیجاب دەبوێرن. سەرکۆماری رووسیە، ڤلادیمیر پوتین، ڕەنگبێ خراپترین ساڵی تێپەر کردبێ. داگیرکارییەکەی لە ئوکراین تەنیا کارەسات بووە. سوپای رووسیە ناچار بوو دەست لە هەوڵەکانی بۆ داگیرکردنی کییەڤ هەڵگرێ و لەو ناوچانەی پێشووتر لە خۆرهەڵات و باشووری ئوکراین داگیری کردبوون، پاشەکشە بکات. شەرەکەی بووەتە هۆی سەپاندنی گەمارۆی بێ وێنە لە لایەن خۆراواوە و بووەتە هۆی کوژران و بریندار بوونی نزیکەی ٢٠٠ هەزار رووسیەیی، کە گەلێک زیاتر لە کوژراو و بریندارانی داگیرکاریی دە ساڵە لە ئەفغانستان لە هەشتاکانی زایینییە و راکردنی سەدان هەزار هاووڵاتی بۆ دەرەوە. دەسەڵاتی ژیۆپۆلیتیکی رووسیە تووشی دارمانی بەرچاو بووە. تەقریبەن لە شەوێکدا، ئورووپا کۆتایی بە بەستراوەییی خۆی بە وزەی رووسیە هێنا و مۆسکۆ ناچار بووە دەست لە هەوڵەکانی بۆ کاریگەری دانان لەسەر وڵاتانی دراوسێ لە قەفقاز و ئاسیای نێوەراست هەڵگرێ. پاش زیاتر لە یەک دەیە کە لەویدا، بە گوتەی ڕۆژنامەوان ئان ئەپڵباوم "پیاو خراپەکان" براوە بوون، ئێستا وێدەچێ دنیا لە دیکتاتۆریی هەڵگەرابێتەوە. سێ کەس لە مەزنترین پیاوخراپەکان، وێدەچێ بەرەورووی ئالنگاریی بێ وێنە دژی دەسەڵاتیان ببنەوە کە بۆ یەکەم جار لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، سەرکەوتنێک بە دێموکراسی لە کێبرکێ لەگەڵ سەرەرۆییدا دەبەخشێ. بەڵام هەرەشەکان دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆ لەوە کەمترن کە ئێمە هیواخوازیانین: ئەو سێ دیکتاتۆرییانە، بە تایبەتی سەرچاوەی خۆراگریی شاراوەیان هەن کە ریشەی قووڵیان لە رابردووی شۆرشگێرانەیاندا داکوتاوە. بنەچەکەی شۆرشگێرانە و لە دۆخی رووسیەدا، میراتەکانی بەجێماو لە شۆرشی بولشەڤیکی ١٩١٧، یارمەتیی هەر سێ دەوڵەتی کردووە لە کاتی لاوازیی ئابووری، کارەساتی سیاسی و دارمانی

ئاستی خۆشەویستی لە ناو جەماوەردا، خۆیان بپارێزن و وێدەچێ درێژە بە بەهێز کردنیان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بدەن. هەر ستراتێژییەکی کاریگەر بۆ بەربەرەکانی لەگەڵیان پێویستی بە تێگەیشتن لە سروشتی راستەقینەیان و سەرچاوەی تاقانەی خۆڕاگرییان هەیە.

### هەرچی دوژمن زۆرتر، یەکگرتوویی زیاتر

بەتەمەنترین دیکتاتۆرییەکانی ئەمڕۆ ئاکامی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بوون، کە بە پێچەوانەی دەست بەسەرداگرتنی نەریتیی دەسەڵات، کاتێک دەقەومێن کە چالاکان بە پشتبەستن بە سەرهەڵدانی جەماوەری، کۆنترۆڵ بە دەستەوە دەگرن و هەوڵ دەدەن بە شێوەیەک دەوڵەت دارێژنەوە کە شێوەی ژیانی خەڵک لە بنەڕەت ڕا بگۆڕن، وەک بە نەهێشتنی خاوەندارێتیی تاکەکەسی یان سەپاندنی دەسەڵاتی ئایینی. ئەگەرچی شۆڕشی ئەوتۆ لە رادەبەدەر دەگمەن بوون، (تەنیا ٢٠ دانە لە ١٩٠٠ بەولاوە)، دیکتاتۆرییە شۆڕشگێڕەکان کە ئاکامی ئەو شۆڕشانە بوون، کاریگەرییەکی گەلێک بەرچاویان لەسەر سیاسەتی جیهانیی هەبووە: شەڕی سارد، شەڕی ڤییەتنام، تیرۆریزمی ئیسلامی و سەرهەڵدانی چین، هەموویان ئاکامی دیکتاتۆرییە شۆڕشگێڕەکان بوون. ئەمڕۆ، دەوڵەتانی ئەوتۆ و جێگرەوەکانیان، لیستەیەک پێک دێنن کە تەنیا چین، ئێران و رووسیە ناگرێتەوە، بەڵکوو ئەفغانستان، کووبا، ئێریترە، رۆئاندا و ڤییەتنام، بوونە مەزنترین ئالنگاری بۆ پەرگالی لیبراڵی جیهانی بە ڕێبەریی وڵاتە یەکگرتووەکان. ئەو ڕێژیمانە گەلێک لە جۆرە ناشۆڕشگێڕەکانیان خۆڕاگرترن. ئەو خۆڕاگرییە ئاکامی شێوەی تایبەتی چەسپاندنی دەسەڵاتەکەیانە. بە پێچەوانەی زۆر دیکتاتۆر، کە کاتێک دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن هەوڵ دەدەن خۆشەویستیی جەماوەرییان بەربەرینتر بکەنەوە و ڕەواییی ناونەتەوەیی وەدەست بێنن، ڕێبەرانی ڕێژیمە شۆڕشگێڕەکان، بەشێکی بەرچاوی دانیشتووانیان تەریک دەخەنەوە و دوژمنایەتیی دراوسێیانیان و زلهێزانی دنیا دەکەن. بۆلشەڤیکەکان لە هەوڵی هەناردە کردنی شۆڕشی کۆمۆنیستی بۆ باقیی ئورووپا و ئاسیا دا بوون و هەوڵیان دا بورژوا، وەک چینێکی کۆمەڵگا لەناو بەرن، ئاریستۆکراتیان تیرۆر کردن، ملک و ماڵیان داگیر کردن و زەویوزارەکانیان دان بە خزمەتکارەکانی پێشوویان. لە ١٩١٧، نزیکەی ٥٠ خوێندکاری چینی باڵادەست لە هێزە سەربازییەکاندا قۆڵبەست کران، بردیانە بەرهەمگایەک و فڕێیاندانە ناو کوورەی تواندنەوەی کانزا. بە هەمان شێوە، مائۆ زێدۆنگ، لە کاتی خەباتی بۆ دەسەڵات لە چین، ئەو لێدوانە بەناوبانگەی هەبوو، "شۆڕش میوانداریی ژەمی شەو نییە،" و هانی جووتیارانی دەدا تا بێرێزی بە چینی خاوەن زەوی بکەن و لەناویان بەرن. لە ئێران، ڕێبەری باڵا ئایەتوڵڵا خومەینی، یاسای سەختی جلوبەرگی ژنانی سەپاند، پشتگیریی لە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا کرد، هەزاران کەسی لە دژبەرەکانی ئیعدام کردن و داوای شۆڕشی ئیسلامی لە سەرانسەری کەنداوی فارسی کرد. لە یەکەم چاوخشاندندا ئەو جۆرە ئاکارانە نائەقڵانی دێنە بەرچاو. هێرش بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی دەسترۆیشتووەکان نزیکەی هەمیشە دەبێتە هۆی ناکۆکیی خاوەن توندوتیژی کە دەتوانێ ببێتە هۆی لەناو چوونی ڕێژیمە شۆڕشگێڕە ساواکان. لە چین و رووسیە، ئەو جۆرە هێرشانە یارمەتیدەری دەستپێکی شەڕی ناوخۆی کوشندە بوون؛ لە ئێران و ڤییەتنام، بوونە هۆی شەڕی خوێناویی دەرەکی. لە هێندێک وڵات، وەک کامبۆجی ژێر دەسەڵاتی خێمێری سوور لە کۆتاییەکانی حەفتاکانی زایینی، قەیرانی ئەوتۆ بوونە هۆی لەناوچوونی ڕێژیمی شۆڕشگێڕ. بەڵام ئەوەی ئەو ڕێژیمانەی لەناو نەبرد، بووە هۆی بەهێزتر بوونیان. ئەوانی توانای مانەوەیان هەبوو، ململانێی درندانە بۆ دەسەڵات ئەوانی بە شێوەیەکی ناوازە خۆڕاگر کرد. هەڕەشەی نەهێشتنی بەردەوام، بووە هۆی یەکگرتوویی ئێلیتەکەیان. بێجگە

لەوە، کێشەی پڕ تووندوتیژیی ناوەندی جێگرەوەی دەسەڵاتیان لەناو بردن، لەناویاندا حیزبە سیاسییەکانی دیکە و کڵێساکان، کە بوونە هۆی ئۆپۆزیسیۆنی لاواز بۆ ماوەیەکی دووردرێژ. ئەو قەیرانە سەرەتاییەکان هەروەها ڕێژیمەکانیان ناچار کرد هێزی ئەمنییەتیی نوێ و بەهێز دامەزرێنن، وەک سوپای پاسدارانی شۆڕش لە ئێران و چەکا لە ڕووسیە (کە دواتر ناوی نرا KGB)، کە هەموو بەرهەڵستکارییەکیان سەرکوت کرد و چونکە دەوڵەتە شۆڕشگێڕەکان لەجیات کەڵکوەرگرتن لە هێزی سەربازیی بەجێماو لە ڕێژیمی پێشوو، هێزی سەربازیی خۆیان دروست کرد، توانیان هێزە سەربازییەکان پڕ کەن لە سیخوڕی سەر بە ڕێژیم و ئەفسەرانێک، کە کاری سەربازان و ئەفسەرانی دیکەیان بۆ بەڕێوە بردنی کوودەتا گەلێک دژوار کرد. لە کۆتاییدا، چونکە شەڕی ناوخۆ زۆر جار ژێرخانی ئابووریی پێشووی لێک هەڵتەکاند، دەرفەتیان بۆ دەوڵەتانی سەرەڕۆ ڕەخساند تا جومگە ژێنەکییەکانی ئابووری بگرنە دەست، کە ئەوەش ڕێگای بە دیکتاتۆرەکان دا گەشەی ئابووریی جێبەجێ بکەن، بێ ئەوەی ببنە قوربانیی هێزە بە هێزە سەربەخۆکان کە لە وڵاتانی دیکە برەویان بە دێموکراسی داوە.

## ڕێگای دووردرێژی چین بەرەو ئاسایش

لە ڕوانگەیەکەوە، ڕیشەکانی خۆڕاگریی چین ڕوون و ئاشکرا دێنە بەرچاو. چین زلهێزێکی سەربازی و ئابووریی جیهانە بە داهاتێکی سەرانە کە ۴۳ هێندەی داهاتی سەرانەی ئەو وڵاتەیە لە ساڵی ۱۹۷۸. لە ماوەی جیلێکدا، ستانداردەکانی ژیان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بوونەوە و بواری بۆ بنەماڵەکان ڕەخساندووە دەستیان بە کەلوپەلی ئەوتۆ ڕا بگات کە چەند دەیە لەوەپێش خەونیشیان پێوە نەدەدی. تەنانەت بە هەڵەکانی کۆڤید-١٩ و دابەزینی ئاستی گەشە کردنیش، زۆرێک لە شارۆمەندانی چین، هۆی ئاشکرایان بۆ پشتگیری لە دەوڵەتی تاک-حیزبی هەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، دەسکەوتە ئابوورییە سەرسوڕهێنەرەکان بە تەواوی هۆی بەردەوامیی ڕێژیم شی ناکەنەوە. لە لایەکەوە، کاراییی فرە بەرچاوی ئابووریی چین تەنیا لەبەر ئەوە مومکین بوو کە حیزبی کۆمۆنیستی چین پێشتر توانیبووی وڵات یەک بخات. لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە، چین دەوڵەتێکی لاواز و پەرتەوازەی هەبوو کە زۆر وەک ئەفغانستانی ئێستا دەچوو. دەوڵەتی ناوەندی بە دژواری دەسەڵاتی بەسەر هەموو وڵاتەوە هەبوو و بەشێکی بەرچاو لە وڵات، لە ژێر دەسەڵاتی فەرماندەی شەڕکەری ناکۆک لەگەڵ یەکتر، دەسەڵاتە ئیمپریالیستییەکان، تاقمی تاوانکار و کۆمەڵگەی نهێنیدا بوو. چین، بەر لەوەی ببێتە زلهێزێکی ئابووری و سەربازی، ناچار بوو لەپێشدا دەوڵەتێکی مودێرن و یەکگرتوو دروست بکات. لە لایەکی دیکەوە، ئەو جۆرە گەشەکردنە ئابوورییە سەرسوڕهێنەرەی لە چین ڕووی داوە، دەتوانێ بۆ دیکتاتۆرانێک کە هەوڵ دەدەن دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی خۆیان چڕ بکەنەوە، وەک شمشێری جووت لێوار بێ. گەشەی ئابووریی خێرا، پشتگیری لە دەوڵەت بەهێز دەکات بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانێ تۆوی دێموکراسی بچێنێ. زۆر جار گەشەی ئابووری بە هاسان کردنی سەرهەڵدانی هێزی سەربەخۆی بازرگانی، کۆمەڵایەتی و سیاسی، هەڕەشە لە دیکتاتۆران دەکەن کە کاری ڕێبەران بۆ قۆرخ کردنی کۆنترۆڵ، دژوارتر دەکەن. ئەمڕۆ، بە گشتی هیچ دیکتاتۆرییەک لە وڵاتانی دەوڵەمەند و گەشەسەندوودا نییە. بێجگە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەبێ کە داهاتەکەیان لە سامانە سروشتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، کە دەبنە هۆی سامانی زەبەلاح بێ ئەوەی ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەندیدار بە گەشەی ئابوورییەوە. بێجگە لە سێ وڵات، ئەو ۵۴ وڵاتەی کە بانکی جیهانیی وەک وڵاتانی خاوەن

"داهاتـــی زۆر" پۆلێنیـــان دەکات لە ٢٠٢٢ لە لایـــەن فریـــدام هـــاوس وەک "ئازاد" دێنە ئەژمار. (ئەو ســـێ وڵاتە، مەجارســـتان بـــە رێـــژیمێکی کێبەرکێکاری سەرەڕۆ و وڵاتە بچووکەکانی برونەئی و ســـەنگاپورن). ئەو نموونەیە بـــە مانای سەرهێشـــەیە بۆ ڕێبەرانی حیزبـــی کۆمۆنیســـتی چین. بە قۆتار کردنـــی ملیۆنان کەس لـــە هەژاری و ئافراندنـــی چینـــی مامناوەندی زەبەلاح و ڕێبەرانی بازرگانیی دەسترۆیشـــتوو، گەشەی ئابووری لـــە چین ئەگەری ئـــەوەی هەیە ناوەندی دەســـەڵاتی جێگرەوە دروست بکات کـــە برەو بـــە داوای بە هێز بـــۆ ئاڵوگۆڕی سیاســـی بدا. بە ڕاستی، گەشـــەی ئابووری بووە هۆی گواســـتنەوە بەرەو دێموکراســـی لـــە کۆریای باشـــوور و تایوانی درواســـێی چیـــن لـــە هەشـــتاکان و نەوەدەکانـــی زایینـــی. چاودێـــران پێشـــبینیی ئەوەیان دەکرد کـــە پـــەرە ئەســـتاندنی ئابووریی چین هەروەهـــا ببێتە هۆی دێموکراســـی. بـــەڵام، بنەچەکـــەی شۆڕشـــی پـــڕ لـــە توندوتیژیـــی کۆمەڵایەتـــی، ڕژێمـــی چیـــن ئیزنـــی پـــێ داوە بەســـەر مێـــژووی دەوڵەتـــی شکســـتخواردوو و هەروەهـــا ئاســـەوارە نەخوازراوەکانـــی ئاڵوگـــۆڕی ئابووریـــدا ســـەرکەوێ. خەباتـــی دووروودرێـــژ و پـــڕ لـــە توندوتیژیـــی حیزبـــی کۆمۆنیســـتی چیـــن بـــۆ دەســـەڵات لـــە نێـــوان ســـاڵەکانی ١٩٢٧ تـــا ١٩٤٩ دەوڵەتێکـــی یەکگرتـــووی بەرهـــەم هێنـــا کـــە بـــۆ گەشـــەی خێـــرا پێویســـت بـــوو؛ بـــەڵام هەروەهـــا خـــۆی لـــەوە دڵنیـــا کـــرد کـــە گەشـــەی ئابـــووری نەبێتـــە هـــۆی کۆمەڵگایەکـــی مەدەنیـــی بەهێـــز. کاتێـــک مائـــۆ بـــوو بـــە ڕێبـــەری حیزبـــی کۆمۆنیســـتی چیـــن، ناوبـــراو بـــۆ تێکەڵکردنـــی خەبـــات بـــۆ دەســـەڵات، لەگـــەڵ ئاڵوگـــۆڕی بنەڕەتیـــی کۆمەڵایەتـــی بـــەو مانایـــە بـــوو کـــە لـــە کاتـــی شـــەڕی ناوخۆیـــی و دروســـت پێـــش کۆتایـــی هاتنەکـــەی، حیـــزب بەرنامـــەی بەربەرینـــی چاکســـازیی زەویـــی جێبەجـــێ کـــرد کـــە ئێلیتـــی ڕیشـــە داکوتـــاو و تاقمـــە هەرێمییەکانـــی لەنـــاو بـــردن کـــە بـــۆ ماوەیەکـــی دووروودرێـــژ دەوڵەتـــی چینیـــان لاواز کردبـــوو. ئـــەو ڕێکارانـــە و ماڵوێرانییەکانـــی شـــەڕ، ئیزنـــی بـــە حیزبـــی کۆمۆنیســـت دا دزە بکاتـــە نـــاو هێندێـــک بەشـــی کۆمەڵـــگا کـــە پێشـــتر لـــە ژێـــر کۆنترۆڵـــی ڕاســـتەخۆی دەوڵەتـــدا نەبـــوون. ئەگەرچـــی چیـــن بـــە دەســـت مائـــۆ بـــۆ مـــاوەی چەنـــد دەیـــە پـــاش ١٩٤٩، بـــە نێـــو وەرســـوورانێکی پەشـــۆکێنەردا تێپـــەڕی، وەســـەریەک خســـتنەوە و بەهێـــز کردنـــی دەوڵەتـــی چیـــن لـــە مـــاوەی خەباتـــی شۆڕشـــگێرانەدا بەســـتێنێکی وەهـــای بـــۆ چیـــن دروســـت کـــرد تـــا ببێتـــە هـــۆی ســـەرهەڵدانی دەســـەڵاتی جیهانیـــی ئابووریـــی چیـــن لـــە ســـەرەتای نەوەدەکانـــی زایینیـــدا. بێجگـــە لـــەوە، گواســـتنەوەی چیـــن بـــەرەو کۆمۆنیـــزم جێگرەوەکانـــی حیزبـــی دەســـەڵاتداری لەنـــاو بـــردن و بـــووە ڕێخۆشـــکەری دەســـەڵاتێکی ســـەرەڕۆ. ئێســـتا حیـــزب خـــۆی لـــە هەمـــوو کـــون و کەلێنەکانـــی کۆمەڵـــگای چیـــن دەخزێنـــێ، لـــە ناویانـــدا بازرگانیی ناوخۆیـــی و دەرەکـــی. خـــۆ تێهەڵقوتاندنەکانـــی دامەزراوەکانـــی دەوڵەتـــی کاری ڕێکخســـتنی هێـــزە ســـەربەخۆکانی گەلێـــک دژوار کـــردووە. ئـــەوە تـــا ڕادەیـــەک بۆتـــە هـــۆی شکســـتی گەشـــەی ئابـــووری لـــە بەهێزتـــر کردنـــی هێـــزە دێموکراتیکـــەکان وەک چـــۆن لـــە کۆریـــای باشـــوور و تایوانـــدا ئـــەو شـــتە ڕووی دا. ســـەرەڕای ســـامانەکەی، چیـــن یەکێـــک لـــە لاوازتریـــن کۆمەڵـــگا مەدەنییەکانـــی دنیـــای هەیـــە. بۆیـــە، لـــەو کاتـــە دەگمەنانـــەی نارەزایەتـــی ڕوویـــان داوە، وەک لـــە گۆڕەپانـــی تیانانمـــەن لـــە ١٩٨٩ و نارەزایەتییەکانـــی دژی ســـیفر-کۆڤید لـــە نۆڤەمبـــەری ٢٠٢٢، ئـــەو هەوڵانـــە لەبـــەر نەبوونـــی ڕێکخســـتن و هاوئاهەنگـــی تووشـــی گیروگرفـــت بـــوون. ئەگەرچـــی هیـــچ دەســـەڵاتێکی ســـەرەڕۆ نەبـــەز نییـــە، ڕەنگبـــێ چیـــن یەکێـــک لـــە درێژمەوداتریـــن دیکتاتۆرییەکانـــی دنیـــا بمێنێتـــەوە و لەبەرانبـــەر نارەزایەتیـــی جەماوەریـــی و قەیرانـــی ئابووریـــدا خـــۆ ڕاگـــرێ.

## خۆراگری و قەیران

دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ١٩٧٩، ڕێبەرە شۆڕشگێڕەکانی ئێران شەڕیان لەگەڵ دنیا دەست پێ کرد. ئەوان دەستبەجێ دەسەڵاتی مەلایانیان سەپاند و لە دژایەتییان بەرانبەر بە سەرهەڵدانە چەپییەکانی دژی مەلایان، وڵاتیان تا لێواری شەڕی ناوخۆ برد. ئەو ناسەقامگیرییە ڕێبەری عێراق، سەددام حسێنی هان دا داگیرکاری بکات و ئەوە بووە هۆی جەنگێکی درندانە لە نێوان ئێران و عێراق کە هەشت ساڵی خایاند. لە هەمان کاتدا، دەوڵەت هەم وڵاتە یەکگرتووەکان و هەروەها یەکیەتیی سۆڤیەتی وەک شەیتان دەناساند و بوو بە یارمەتیدەری سەرەکیی تیرۆریزم لە ناوچە. ئەو خەباتانە لە کۆتاییدا بوونە هۆی بەهێز بوونی ڕێژیم. لە سەرووی هەموویانەوە، شەڕ دژی عێراق و بەرهەڵستکارانی چەپ، سوپای پاسدارانی خومەینی، کە لە ١٩٧٩ دامەزرابوو، لە تاقمێکی پرش و بڵاوی شەرکەری شەقامی نەحامەلاو و بێ چەکوچۆڵ، کردە یەکێک لە بەهێزترین هێزە ئەمنییەتییەکانی جیهان بە ١٥٠ هەزار ئەندامەوە کە لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاوەیان پێ کراوە. ئەو ناکۆکییانە هەروەها بوونە هۆی بەهێز بوونی بەسیج، هێزێکی میلیشیا کە لە ١٩٧٩ دامەزرا تا دژی دوژمنانی دەرەکی و ناوخۆیی پارێزگاری لە وڵات بکات. ئەندامانی هێزە ئەمنییەتییەکان زۆرتر لە بنەماڵەکانی هەژار و گەلێک ئایینیی گوندەکان هەڵدەبژێردرێن. وەک پەرگیری لە هەر ئایینێکدا، زۆر لەوانە لەو بڕوایەدان پرسەکەیان شایانی هەر جۆرە قوربانیدان و توندوتیژییەکە. ئایدیۆلۆژیی شۆڕشگێڕانە تەنیا چەسپێک نییە کە ڕێژیمی ئێران لێک دەبەستێ. هەر وەک زۆر شرۆڤەکاری دیکە ئاماژەیان پێ کردووە، سوپای پاسداران گەندەڵە و بەرژەوەندیی ئابووریی زەبەلاحی لە مانەوەی کۆماری ئیسلامیدا هەیە. بەڵام بەرژەوەندیی ئابووری زۆر جار بەس نین. لە زۆر دەسەڵاتی سەرەڕۆی دیکەدا، ئەندامانی هێزە ئەمنییەتییەکان کە بەرژەوەندییان لە پاراستنی ڕێژیمی دەسەڵاتداردا هەیە، سەرەرای ئەوەش، کاتێک ڕێژیم دەکەوێتە ژێر گوشار، بەرەیان گۆڕیوە تا نەکەونە لایەنی دۆڕاو. لە کاتی شۆڕشی بەهاری عەرەبی لە ٢٠١١، بۆ وێنە، سوپای میسر پشتیان لە سەرۆک کۆمار حوسنی موبارەک کرد، کە بووە هۆی ڕووخانی دەسەڵاتەکەی. هێزە ئەمنییەتییەکانی سربستان بە هەمان شێوە لە ساڵی ٢٠٠٠ پشتی سەرۆک کۆمار سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچیان بەردا، کاتێک خۆپیشاندانی جەماوەریی داوای ڕووخانیان کرد. بە پێچەوانە، کاتێک ڕێژیمی مەلایان لە ئێران تووشی ئالنگاریی گەلێک مەزن بۆتەوە، سوپای پاسداران و دامودەزگاکانی دەوڵەتی لە پشتی ڕاوەستاون. لە چەند دەیەی ڕابردوودا دۆخەکە بۆ ڕێبەرانی ئێران گەلێک دژوار بووە. ڕێژیم بەرەورووی نارەزایەتیی پەیتاپەیتای سەرانسەری بۆتەوە. لە ٢٠٠٩، پاش ئەوەی ئاشکرا بوو سەرۆک کۆماری ئەوکات، مەحموود ئەحمەدینژاد کە توندئاژۆ بوو، وێدەچوو لە کێبرکێ لەگەڵ ڕیفۆرمخواز میر حوسەین موسەوی، ئاکامی دەنگدانی سەرکۆماریی دزیبێ، سەدان هەزار ئێرانی ڕژانە سەر شەقامەکان و نارەزایەتییەکان بۆ ماوەی چەند مانگ درێژەیان هەبوو. پاشان، لە ٢٠١٠، گەمارۆی قورس و پەرەئەستێنی ناونەتەوەیی بوونە هۆی هەڵاوسانی نرخەکان و تەشەنە کردنی هەژاری. هەلومەرجی ئەوتۆ بووەتە هۆی شەپۆلی پەیتا پەیتای نارەزایەتی لە سەرانسەری وڵات. لە کۆتاییەکانی ٢٠١٩، خۆپیشاندەران خامنەییان ڕەت کردەوە و ئاگریان لە ژمارەیەک بنکەی دەوڵەتی، بێنزینخانە و بنکەی هێزە ئەمنییەتییەکان بەردا. و خۆپیشاندانە مەزنەکانی پاییزی ٢٠٢٢ نوێنگەی نارەزایەتییەکی بەربڵاوتر دژی ڕێژیم بوون، لە ناویاندا نارەزایەتی لە ئابووری، توورەیی لە سیاسەتە

ئیسلامییەکان و کەڵک وەرگرتن لە توندوتیژیی لە لایەن ڕێژیمەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت ولامی هەرکام لەو هەرەشە جەماوەرییانەی بە هەمان دڕندەیی و لاساری داوەتەوە. لە ٢٠٠٩، دەوڵەت ولامی نارەزایەتییەکانی بە زیندانی کردن و ئیعدامی بەرهەڵستکاران و بەرێوە بردنی تاقمێک شانۆی دادگایی کردنی بەرپرسە بالاکانی چالاکانی بەرهەڵستکار دایەوە. لە ٢٠١٩، پۆلیس تەقەی لە خۆپیشاندەرانی سەرشەقامەکان کرد و کوشتنی. لە ٢٠٢٢، بەسیج و سوپای پاسداران جارێکی دیکە وەک بەرگریکاری سەرەکی دەر کەوتن و خۆپیشاندەر و هەرزەکاریان کوشتن، قوتابخانەکانیان داگیر کردن و هەزاران کەسیان دەستبەسەر کردن. نموونەی ئێران پیشاندەری گرینگیی یەکلاکەرەوەی یەکگرتوویی ڕێبەریی ڕێژیم بۆ مانەوەی سیستەمی سەرەرۆیە. بە درێژایی مێژوو، مەزنترین هەرەشە دژی دیکتاتۆران لە نارەزایەتیی جەماوەرییەوە نەبووە بەڵکوو لە هاوپەیمانە سیاسییەکانی و ژێردەستەکانی لە هێزە سەربازییەکانییەوە بووە. بە پێچەوانەی چالاکانی ئۆپۆزیسیۆن، ئەوانی لەناو دەسەلاتدان توانایی ناچارکەر و کۆنترۆڵی دامەزراوە سەرەکییەکانیان بە دەستە کە بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلات پێویستن. بە لەبەرچاو گرتنی لاسەنگیی هێز لەنێوان زۆربەی دەوڵەتان و نارازییان، بێت و کاربەدەستی پلە بالای ناو دەوڵەت پشت لە حکوومەت نەکەن، نزیکەی هیچ ئەگەرێکی سەرکەوتن نییە. لە ڕاستیدا، ئۆپۆزیسیۆنی سەرکەوتوو لە سیستەمە سەرەرۆکاندا زۆر جار بە ڕێبەریی سیاسەتوانانێکەوە بوون کە پشتیان لە ڕێژیم کردووە. لە ژمارەیەک ولات، لە ناویاندا لە ڕومانی لە ١٩٨٩، کێنیا لە ٢٠٢٢، گورجستان لە ٢٠٠٣، ئۆکراین لە ٢٠٠٤ و قرقیزستان لە ٢٠٠٥، دیکتاتۆرەکان بەشێک لەبەر ئەوە ڕووخان کە هاوپەیمانانیان پشتیان لە حیزبی دەسەلاتدار کرد تا تێکەڵی ئۆپۆزیسیۆن بن. بۆ وێنە، دیکتاتۆرییەتی زامبیا لە ١٩٩١ کاتێک تووشی هەرەس بوو کە نارەزایەتیی جەماوەری و هەرەسهێنانی ئابووری، بوونە هۆی واز هێنانی لایەنگرە سەرەکییەکانی دەوڵەت لە ڕێژیم. وەک یەکێک لە پشتکردووان لە ڕێژیم شیی کردەوە، "تەنیا مێشی نەزان ... وەدوای تەرمی مردوو دەکەون بۆ ناو گۆڕ."

بەلام، ئێلیتی دەسەلاتداری ئێران لە کاتی قەیرانی بەربلاوی ئابووری لەو شێوەیە و گوشاری دیکە، وەفادار ماونەوە. تەنانەت ڕیفۆرمخوازان، سیاسەتوانانی ناوخۆی ڕێژیم کە هەڵوێستی نەرمتریان لەمەر هێندێک پرسی کۆمەلایەتی و سیاسی هەبووە، لە بەرانبەر جیا بوونەوە لە ڕێژیم خۆراگرییان کردووە. سەردەمێک، دژبەرانی دەسەلاتی ئایینی بە هیواوە دەیانڕوانییە کەسایەتیی وەک محەممەد خاتەمی، کە لە ١٩٩٧ تا ٢٠٠٥ سەرۆک کۆمار بوو و مووسەوی لە ٢٠٠٩، بەلام ئەو ڕێبەرانە خۆیان لە دابرانی یەکجاری لە سیستەمی تیۆکراتیک بوواردووە. بەراستی، یەک حەوتوو دوای دەسپێکی نارەزایەتییەکان لە ٢٠٠٩، مووسەوی داوای وەستاندنی خۆپیشاندانەکانی کرد و داوای وەفاداری بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامیی کرد. ئەو جۆرە وەفادارییە بەرانبەر بە دەسەلاتی مەلایان یارمەتیدەری نەهێشتنی ڕێکخستن و ڕێبەرییەک بووە کە بۆ کانالیزە کردنی نارەزایەتیی بەربلاوی جەماوەری بەرەو دروستکردنی ئالنگاریی جددیتر بۆ ڕێژیم پێویستە. لەبەر ئەو هۆیە، نارەزایەتییەکانی ئەو دواییانە تا ڕادەیەکی زۆر بێ ڕێبەر بوون. هەر چەند خۆپیشاندانی بەردەوام، نارەزایەتیی جەماوەری و قەیرانی ئابووری، بەراستی ڕێژیم لەرزۆک دەکەن، بەلام وێناچی بێ درز لە ترۆپکی دەسەلاتدا، دەوڵەت بڕووخێ.

## میراتی نهێنیی پوتین

بە پێچەوانەی چینی کۆمۆنیست و ئێرانی ئیسلامی، پوتینی ڕووسیە دەسەلاتداری ڕێژیمێکی شۆڕشگێر نییە. یەکیەتیی

سۆڤیەت زۆر دەمێکە هەرەسی هێناوە و پوتین لە جیات خەباتی توندوتیژانە بە هەڵبژاردن دەسەڵاتی گرتە دەست. بەڵام دیکتاتۆرییەتی پوتین تا ئاستێکی یەکجار زۆر سوودی لە میراتی شۆرشی بۆلشەڤیکیی ١٩١٧ وەرگرت. یەکەم، دەورانی دوور و درێژی سەرەرۆیی سۆڤیەت بە شێوەیەکی کاریگەر پێشی بە بەهێز بوونی کۆمەڵگای مەدەنی گرت. ئەو دەوڵەتەی دوای شۆرش سەری هەڵدا هەموو شێوازە باوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی لەناو برد یان دزەی کردە ناوی، لە ناویاندا حیزبە بەرهەڵستکارەکان، سەندیکا کرێکارییەکان، کڵێساکان و ڕێکخراوەکانی دیکە کە لە دەرەوەی دەوڵەت بوون و لەوانە بوو ببنە بناغەیەک بۆ دێموکراسی. ئەگەرچی هێزی ئابووری و کۆمەڵایەتیی سەربەخۆ لە کۆتاییەکانی هەشتاتان و سەرەتای نەوەدەکانی زایینیدا سەریان هەڵدا، بەڵام ئەوان تا ڕادەیەکی زۆر لاواز مانەوە. بەشێکی لەبەر ئەو هۆیە کە زۆربەی کەرتە پرداهاتەکانی ئابووری لەبەرانبەر دەستێوەردانی دەوڵەتدا لاواز بوون. لە ئاکامدا، ئۆپۆزیسیۆنی ڕووسیە ڕێکخستنی سیاسی و سەرچاوەی داهاتی نەبووە. دووهەم، کۆنترۆڵی پوتین بەسەر ڕووسیەوە بە پشتگیریی کاریگەر و بەربڵاوی هەواڵگریی گەشەی کردووە کە دەکرێ شوێنپێی بگەڕێتەوە بۆ ئەو پۆلیسە سیاسییە کە لە ١٩١٧ دامەزرا. ئەو بوو بە یەکێک لە بەهێزترین هێزە ئەمنییەتییەکانی جیهان، کە بریکاری لە هەموو یەکەی نیشتەجێبوون و هەموو کۆمپانیاکاندا هەبوو. ئەگەر چی سەرکۆماری یەکیەتیی سۆڤیەت، میخاییل گۆرباچۆف، حیزبی کۆمۆنیستی دەسەڵاتداری هەڵوەشاندەوە، بەڵام ک. گ. ب، شوێنێک کە پوتین پێشەی خۆی لەوێ دەست پێ کرد، تا ڕادەیەکی زۆر وەک خۆی مایەوە. ک.گ.ب. بە فەرمی لە نەوەدەکانی زایینیدا لێک هەڵوەشا و بەسەر چەند ئاژانسدا دابەش بوو، بەڵام ئەرکە سەرەکییەکان و کارمەندەکانی لە ئاژانسێکدا ڕاگیران کە بوو بە ف.س.ب. (هێزی ئاسایشی فیدراڵ). ئەمڕۆ، ف.س.ب. مەکۆی سەرەکیی پاراستنی دیکتاتۆرییەتی پوتینە. گەلێک مەزنتر لە ڕێکخراوی هاوشێوە لە زۆر وڵاتانە و بە ملیۆنان سیخوڕی هەن. ف.س.ب دزەی کردۆتە بەشێکی بەرچاو لە میدیا، ناوەندی بازرگانییەکان و کۆمەڵگای مەدەنیی ڕووسیە. بە گوێرەی نووسەر کێڤین ریلە، لە توێژینەوەیەکی نوێ لە بارەی هەواڵگریی ڕووسیەدا، ئێستا ئەو وڵاتە ڕێژەی سیخوڕەکانی لە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی دانیشتووانی، لە هی سەردەمی یەکیەتیی سۆڤیەت زیاترە. ف.س.ب. ڕێبەرە سەرەکییەکانی دژی ڕێژیمی کردوونە ئامانج، وەک بوریس نەمتزۆف، کە بە شێوەیەکی بێشەرمانە لە ٢٠١٥ لە مۆسکۆ کوژرا و لەو دواییانەدا ڤلادیمیر کارا-مورزا و ئالێکسی ناڤالنی، کە هەردووکیان ئێستا لە بەندیخانەن. ئێستا لە ڕووسیە ئۆپۆزیسیۆنی خاوەن ڕێکخستن گەلێک لاوازە. هێزە سەربەخۆکان، کە لە ئاکامی حەفتا ساڵ دەسەڵاتداریی سەرەڕۆیانەی سۆڤیەت لاواز بوون، ناتوانن لەگەڵ دامودەزگا ئەمنییەتییە زەبەلاحەکەی پوتین کێبڕکێ بکەن. میراتی شۆڕشگێڕانەی ڕووسیە بە هەمان شێوە لەبەر لاواز بوونی ئەگەری سەرهەڵدانی سەربازی، تەنانەت لە گەرمەی هەڵمەتی کارەساتباری جەنگ لەگەڵ ئوکراین، یارمەتیدەری پوتین بووە. شکست لە مەیدانی جەنگ، بە تایبەتی کاتێک بتوانی تاوانەکەی بخەیە ئەستۆی بڕیارە خراپەکانی ڕێبەری وڵات، زۆر جار بوونە هۆی ڕوودانی کودەتا. بە ڕاستی، ئابڕووچوونەکەی ڕووسیە لە یەکەم مانگەکانی جەنگدا بووە هۆی ئەوە کە زۆر کەس بڵێن لەوانەیە دەسەڵاتی پوتین لە لایەن هێزە چەکدارەکانیەوە بڕوخێنرێ. بەڵام هەر وەکوو زانستوانی سیاسی "ئادام کەیسی" ئاماژەی پێ کردووە، ڕێژیمی پوتین میراتگری شێوە

کاری دزە کردن لەناو هێزە چەکدارەکان لە لایەن ئەفسەرانی دژە سیخورییە. ئەوە دیاردەیەکی دژواری زۆربەی ڕێژیمە سەرەڕۆکانە، کە هێزی سەربازیی پێشوو بە میرات دەبەن، لەجیات دروستکردنی یەکی نوێ. بەڵام یەکیەتیی سۆڤیەت بەربەستێکی ئەوتۆی نەبوو و میراتی شۆڕشگێرانە ئەو تواناییەی بە پوتین بەخشیوە کە بەرهەڵستکاریی سەربازیی چاوەڕوانکراو دەستنیشان بکات، بۆیە ئەوە کاری دروست کردنی ئالنگاریی بۆ ناوبراو لە ناو هێزە چەکدارەکاندا دژوارتر کردووە
.

## هیچ شۆڕشێک تاهەتایە نییە

بێگومان، تەنانەت بەهێزترین دیکتاتۆرییە شۆڕشگێڕەکان تا هەتایە نامێننەوە و چین، ئێران و ڕووسیە لە شکان نەهاتوو نین. ڕێژیمەکانی تاران و مۆسکۆ لە هی بەیژینگ لەرزۆکترن. تا ئێستا، ڕێژیمی تاران، سەرەڕای قەیرانی ئابووری و نائارامیی جەماوەری، یەکگرتوو ماوەتەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە تا هەتایە دەتوانێ بەو شێوە بمێنێتەوە. بێت و دۆخی ئابووری خراپتر بێ و نارەزایەتییەکان پەرە بستێنن، ڕەنگبێ لە کۆتاییدا درز بکەوێتە ناو ڕێژیم. وێدەچێ لە ماوەی مامناوەنددا بە هۆی مردنی جیلی ڕەسەن و کۆنەپەرستی شۆڕشگێڕان کە لە ماوەی خەبات بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات تەمەنیان چووەتە سەر، ئەگەری دابەشبوون زیاتر بێ. وەکوو لە یەکیەتیی سۆڤیەت لە حەفتاکان و هەشتاکانی زایینی، ئەو کاربەدەستە لاوترانەی جێگایان دەگرنەوە، لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژییەوە لاوازتر بن و لەبەر ئەو هۆیە ئەگەری جیابوونەوەیان لە ڕێژیم لە کاتی قەیراندا بەهێزترە. بێجگە لەوە، خامنەیی کە نەخۆشە و تەمەنی ٨٤ ساڵە، هیچ جێگرەوەیەکی دیاری نەکردووە. ئەگەری هەیە، ئەگەر چی بەهۆی بەهێز بوونی توندئاژۆیەکان بەدوور دەزانرێ، کە مردنی ناوبراو ببێتە کاتالیزۆری دابەشبوون لەناو ڕێژیمدا. لەرزۆکیی دەوڵەتی ڕووسیە لەوە ڕا دێ کە هەموو دەسەڵاتی ڕێژیم بە دەست کەسێکەوەیە. ئەمڕۆ، پوتین تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕێگای دامەزراوە و ئەکتەری دیکەوە دەسەڵاتی ڕەهای خۆی بەڕێوە دەبا. ڕێژیمەکەی لەسەر ئەو جۆرە ئایدیۆلۆژییە بنیات نەنراوە کە ئێرانی شۆڕشگێر پاڵنەری دڵسۆزی و قوربانیدانی بەهێز بووە، حیزبێکی دەسەڵاتداری وەک چینیشی نییە کە بتوانێ سەرچاوەی مانەوە پاش تاکە ڕێبەرێک بێ. بۆیە هەموو شتێک بە پوتینەوە بەستراوەتەوە، ئەگەری مردنی ناوبراو یان بێتوانایی دەتوانێ ڕێژیمەکەی تووشی پشێوی بکات. هیچ کەس نازانێ کێ جێگرەوەی دەبێ. ئەو جۆرە نادڵنیاییە تایبەتمەندیی ڕێژیمە تاکگەراکانە. لە هەمان کاتدا، بە لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگیی هێز لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگادا، وێناچێ ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ ببێتە هۆی گۆڕان بەرەو دێموکراسی، لانی کەم لە کورتخایەندا. ڕێژیمی چین لە هاوشانە ئێرانی و ڕووسیەییەکانی بەهێزترە. دیارە ئابووریی چین لە دۆخێکی گەلێک باشتر لە هی ئێرانە. و ئەگەرچی دەسەڵاتی شی لە ئەوانی پێش خۆی کەمتر سنووردارە، دەسەڵاتەکەی گەلێک کەمتر لە هی پوتین تاکەکەسییە. ڕێژیمی شی بناخەی لەناو بیرۆکراسییەکی بە دامەزراوە کراوی شێوە حیزبیدایە کە هێچ شتێکی هاوشێوە لە ڕووسیە بوونی نییە. بێگومان، چین بێ گیروگرفت نییە. بێجگە لە گەشەی کەمی ئابووری و سیاسەتە نەشیاوەکانی پەیوەندیدار بە کۆڤیدەوە، گەندەڵیی بەربڵاو لەو ساڵانەی دواییدا بووەتە هۆی ئەوە کە چاودێران بڵێن حیزبی کۆمۆنیستی چین خەریکە "بتوێتەوە" "لەرزۆکە" و "لە دۆخی کۆتایی هەرەسهێنان"دایە. کەمپەینی چری شی دژی گەندەڵی لە دە ساڵی ڕابردوودا، وێدەچێ خراپەکاریی دەوڵەتی کەم کردبێتەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لەناوی نەبردووە. هەرچۆنێک بێ، بیرۆکراسیی بەهێزی ڕێژیم،

دەسەڵاتە لە ڕادەبەدەر سەرەڕۆیانەکەی و لاوازیی کۆمەڵگای مەدەنی، وێدەچێ ڕێژیم لە ئابڕووچوونی گەندەڵیی دەوڵەتی و قەیرانی دیکە بپارێزێ. بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دەوڵەتانی شۆڕشگێر کارێکی ئاڵۆزە. ستراتێژییە توندڕەوانەکانی دژبەرانی ڕێژیم لە ڕۆژاوا، زۆر جار دەبنە هۆی بەهێز بوونی یەکگرتوویی ناخۆیی ڕێژیم و دابین کردنی بیانوو تا تاوانەکان باوێنە ئەستۆی لایەنی دیکەوە. بەراستی، گەمارۆی دەیان ساڵە دژی کووبا بێگومان بوونە هۆی یەکگرتوویی ناو ڕێژیم و دانی ڕەوایی بە ڕێژیمێک کە لە ١٩٥٩ لە لایەن فیدل کاسترۆوە دامەزرا. بێجگە لەوە، بەرەوڕووبوونەوەی ئاشکرا لەگەڵ وڵاتێکی بەهێز لە ڕوانگەی ئابووری و سیاسییەوە، وەکوو چین، بۆ داکۆکیکردن نابێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆژاوا دەستەوەستان نییە. ئەگەرچی لە سەرەتای ٢٠١٠ی زایینییەوە هەر دێت و گەمارۆی ئابووریی دژوارتر بەسەر ئێراندا دەسەپێنرێن، ئەوان نەبوونە هۆی تێکڕووخانی ڕێژیم، بەڵام بوونە هۆی لاوازتر بوونی بە هۆی قەیرانی ئابووری کە بوونە هۆی نارەزایەتیی جەماوەری و دووپات بوونەوەی خۆپیشاندان لەو دە ساڵەی دواییدا. لە ڕووسیە، تا ئێستا سەپاندنی گەمارۆی بێ وێنە نەبوونە هۆی ناسەقامگیربوونی ڕێژیمی پوتین، بەڵام ئەوان ناوبراویان لە ڕوانگەی ناونەتەوەییەوە پەراوێز خستووە، گەشەی ڕووسیەیان کەمتر کردووە و وێدەچێ توانایی ئەو وڵاتەیان لە جەنگ دژی ئوکراین کەمتر کردبێتەوە. ئاکارەکانی پوتین لە ئوکراین بە باشی مەترسییەکانی بەرەوروو نەبوونەوە لەگەڵ ئەو هێزانە ئاشکرا دەکات کە ئالنگاری بۆ نەریتە لیبراڵییەکانی دنیا دروست دەکەن. حەزی خۆ بواردن لە ململانێ لە لایەن ئاڵمان و زلهێزە ڕۆژاواییەکانی دیکەوە وای کرد کە لە بەرانبەر بەرژەوەندییە ژیۆپۆلتیکییەکانی ڕووسیە و هەوڵەکانی لەو بوارەوە، تەنانەت دوای داگیر کردنی نایاسایی شێوە دوورگەی کریمە و لکاندنی بە ڕووسیەوە بێدەنگ بن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەوڵانە نەبوونە هۆی پێشگرتن بە خولیا ناوچەییەکانی ڕووسیە و وەڵامە شلوێیەکەی ڕۆژاوا بێگومان پاڵنەری پوتین بوون تا لە ٢٠٢٢ بیهەوێ باقیی ئوکراین داگیر بکات. ئەمڕۆ، هەموو وڵاتە ئورووپاییەکان، بێجگە لە چەند دانە، دان بە پێویستیی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئالنگاریی ڕووسیەدا دەنێن.

دیکتاتۆرییە شۆڕشگێڕەکان و جێگرەوەکانیان ئەمڕۆ چارەسەرنەکراوترین ئالنگارییەکان دژی پەرگالی ناونەتەوەیین. بڕیاری پوتین بۆ داگیر کردنی ئوکراین، سەرەڕای پەیوەندیی نزیکی ڕووسیە بە ئورووپاوە ئاشکرای کرد کە پەیوندیی ئابووری و بەرژەوەندیی ماددیی هاوبەش بۆ پاراستنی پەرگالی لیبراڵیی دنیا بەس نین. دێموکراسییەکان دەبێ لەجیاتان یەک بگرن و بایەخی پارێزگاری لە دێموکراسی بچەسپێنن؛ یارمەتی سەربازیی پێشکەشی ئەو دێموکراسیانە بکەن کە لە ژێر هێرشدان و هەروەها یارمەتیی سیاسی و ماددی پێشکەشی ئەو لایەنانە بکەن کە دژی سەرەڕۆیین. ئەگەرچی ئەو هەوڵانە نابنە هۆی ڕووخانی دیکتاتۆرییە شۆڕشگێڕەکان لە کورتخایەندا، بەڵام بەرهەڵستکارییەکی چالاکانەتر و هاوئاهەنگتر دژی سەرەڕۆیی، خۆراوا بۆ پێشگرتن و ڕەنگبێ بەچۆکدا هێنانی ئەوان لە درێژخایەندا تەیار بکات.

*https://www.foreignaffairs.com/china/putin-xi-khamenei-dictators-way